# یەكگرتنی ئارەزوومەندانە یا سەپاندنی یەكگرتن ......

**شاخەوان شۆڕش**
Shaxauan@hotmail.com

وەک ئاشکرایە هەردوو پارتی دەسەڵاتدار هەوڵ بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی فیدرالی لەعێراقدا دەدەن, هەردووولایان بانگاشەی گونجاوی و لەباری ئەم سیستەمە دەکەن و باس لەیەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەی کوردستان و عێراق دەکەن. ئەوەی جێگای گرنگی پێدانە, لەلایەن گەلیَ لەسەران و بەرپرسانی هەردوو پارتەکە, یەکگرتنی ئارەزوومەندانە جەغتی لەسەر کراوەتەوە و دەکرێتەوە. هەروەها د. مەحمود عوسمان وەکو ئەندامی ئەنجومەن و کەسێکی بێلایەن, ئەویش هەمان هەلۆێستی دەربڕی و پێیوایە ئەم یەکگرتنەی کوردستان لەگەل عێراق, یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەیە, چونکە ئەم هەلۆێستە بەپێی بڕیار و ڕێکەوتنێکە کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و زیاتر لە 30 سی پارتی ڕامیاری ئیمزا کراوە.

بەڵام ئایا ئەوان ڕاست دەکەن, ئەم یەکگرتنە ئارەزوومەندانەیە؟ ئەگەر یەکگرتنەکە ئارەزوومەندانە نییە, بۆ ئارەزوومەندانە نییە؟ ئایا تەنها پشتگیری پارتەکان ڕەوایەتیە بۆ پەیڕەوکردنی ئەم بڕیارە؟ ڕۆڵی خەڵکی کوردستان لەم بڕیارە چارەنووس سازەدا چییە؟

پێش هەر شتێک دەبیَ ئەوە بگوترێ, گەر بهاتبا ئەو فاکتەرە ناوەکی و دەرەکیانەی کەدژی دامەزراندنی ستاتی سەربەخۆی کوردستانن لەگۆڕێدا نەبوونایە, ئەوا بەئەگەری زۆر کوردستان سەربەخۆیی خۆی ڕادەگەیاند و یەکگرتنێکی "ئارەزوومەندانەی" لەگەڵ عێراقی عەرەبیدا نەدەکرد. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئەم یەکگرتنە سەپێندراوی فاکتەرە دژەکانی پەیوەستدار بەکێشەی کوردە.

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆکرد, ئەم بڕیارە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە و زۆربەی پارتەکان ئیمزایان کردووە. سەرەتا گونجاوە بپرسین ئایا پەرلەمانی کوردستان ڕەوایەتی هەیە و بەڕاستی نوێنەرایەتی خەلکی کوردستان دەکات؟ دیارە لەلایەک پەرلەمانی کوردستان ماوەی ڕەوایەتی خۆی حەوت ساڵە تێپەڕاندوە (ئەمە گەر کاتی نێوان هەڵبژاردن چوار ساڵ بێت), لەلایەکی دیکە درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان و ئەندامەکانی دەکریَ بۆ ماوەی چەند مانگێک پەسند بکرێت, بەڵام کەلەساڵ تێپەڕی ئەوا مۆرکە دیموکراسیەکەی خۆی دەدۆڕێنیَ و ئەندامانی چیتر ناتوانن خۆیان بەنوێنەری هەلبژێردراوی خەڵک دابنێن. بۆیە لەم ڕووەوە پەرلەمانی کوردستان ڕەوایەتی نوێنەرایەتیکردنی خەڵکی کوردستانی لەدەستداوە. هەروەها ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو, ئەوەیان سەلماندووە کەپەرلەمانەکە دەزگایەکی مۆرکردنی بڕیارەکانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدارە و لەئاست بڕیارەکانی سەرکردایەتی ئەم دوو پارتە هیچ دەسەڵاتێکی نییە. بۆیە ئەگەر پەرلەمانەکە ماوەی هەڵبژاردنیشی تێنەپەڕاندبایە, دەکرا ڕەخنە لەبێدەسەلاتیەکەی بگیریَ و بەمشێوەیە گومان لەنوێنەرایەتیکردنەکەی بکرابووایە.

دیارە زۆربەی پارتەکانی کوردستان ئیمزای فیدرالیزمەکەیان کردووە, بەڵام ئایا ئیمزای زۆربەی یا هەموو پارتەکان ڕەوایەتی دەداتە پەیڕەوکردنی ئەم بڕیارە چارەنووس سازە؟ گەر ئامارێک سەبارەت بەژمارەی ئەندامانی هەموو پارتەکانی کەئیمزای ئەم بڕیارەیان کردووە هەبووایە, ئەوا بەئاسانی دەمانزانی کەوا ئەم پارتانە لەسەدا چەندی ژمارەی دانیشتوانانی کوردستان پێک دەهێنن. بەمجۆرە

دەمانزانی ئەم پارتانە تا چ ڕادەیەک نوێنەرایەتی خەڵک دەکەن. بەڵام لەبەرئەوەی هیچ ئامارێک لەمبارەیەوە نییە, دەکرێ مەزەندەی ژمارەی ئەندامانی سەربە پارتەکان بکرێت. لەوڵاتێکی وەک دانیمارک سەرجەمی ژمارەی ئەندامانی سەربە پارتە ڕامیاریەکان خۆیان لەدەوروبەری 5% پێنج لەسەدای سەرجەمی ژمارەی دانیشتوانانی وڵات دەدەن. دیارە کوردستان زۆر جیایە لەدانیمارک و گریمان ژمارەی ئەندامانی سەربە پارتەکان زۆر بەرزترە, بەڵام واپێناچێ ژمارەی ئەندامانی سەر بەم پارتانەی کوردستان لە 30% سی لەسەدای سەرجەمی ژمارەی دانیشتوانان تێپەڕێنێ. ئەمە واتای ئەوەیە دەکرێ ئەم پارتانە نوێنەری 30% سی لەسەدای سەرجەمی دانیشتوانان (ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە) بن. ئایا نوێنەرایەتیکردنی سی لەسەدای خەڵک ڕەوایەتی دەداتە نوێنەرایەتیکردنی هەموو خەلکی کوردستان؟ بێگومان نا! بۆیە مۆرکردنی هەموو ئەوپارتانە یەکسان نییە بەمۆرکردنی هەموو خەڵکی کوردستان. ئەمە بڕیارێکە پارتە ڕامیاریەکانی کوردستان لەسەری تەبان نەک خەلکی کوردستان. نموونەیەکی گونجاو لەمبارەیەوە, لەسالی 1992 دا پەرلەمانی دانیمارکی بەزۆربەی دەنگ پەسندی ڕێککەوتنامەی ماسترێختیان کرد, بەڵام لەبەر ئەوەی بابەتەکە چارەنووس سازبوو و پەیوەندی بەسەروەری وڵاتەوە هەبوو دەبوایە بڕیارەکە بخرێتە بەردەم ڕاپرسی گشتی واتە ڕیفەراندۆم, لەڕاپرسیەکەدا زۆربەی خەلک پەسندی ڕێککەوتنامەکەیان نەکرد, بۆیە بڕیارەکەی پەرلەمان ڕەتکرایەوە. گومان لەوەدا نییە کە بڕیاردان لەسەر یەکگرتن لەگەڵ عێراق, بڕیارێکی چارەنووس سازە و پەیوەستدارە بە سەروەری باشووری کوردستان, بۆیە ئەم بڕیارە بەبێ گەڕانەوە بۆ خەڵکی کوردستان هیچ ڕەوایەتیەکی نییە. گەر پەرلەمانەکەی کوردستان زۆر ڕەوا و زۆر بەدەسەڵاتیش بوایە, لەبڕیارێکی ئاوا چارەنووس سازدا و بۆ پەسندکردنی بڕیارەکە لەلایەن خەڵکەوە و ڕەوایەتیدان بەبڕیارەکە, هەر دەبووایە پەنا بۆ ڕیفەراندۆم ببات. لەبەر ڕۆشنایی ئەمەی سەرەوەدا پەیڕەوکردنی بڕیاری یکگرتن لەگەڵ عێراقدا و بەبێ گەڕانەوە بۆ خەڵکی کوردستان, واتای یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ عێراقدا نییە, بەڵکو ئەمە سەپاندنی یەکگرتنە بەسەر خەڵکی کوردستاندا. بەهەمان شێوە, ئەم یەکگرتنە ئارەزوومەندانەیەی نوێنەرانی پارتی و یەکێتی و ئەوانیتر بانگاشەی بۆ دەکەن, یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی ئەوان خۆیانە نەک خەڵکی کوردستان.

**دانیمارک.. 2003.10.5**